# پەیڕەوی ناوخۆی ئە نجوومەنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان

**ژمارە ( 1 )خولی دووەم**

2010

## زاراوەو پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

ئەم زاراوانەی خوارەوە ئەم واتایانە دەگەیەنن:

1. ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتیمایی کوردستان .
2. سکرتێر : سکرتێری ئەنجوومەن .
3. جێگر : جێگر سکرتێری ئەنجوومەن.
4. بریاردەر :بریاردەری ئەنجوومەن .
5. سکرتاریەت : سکرتاریەتی ئەنجوومەن.
6. کۆمیسیۆن : کۆمیسیۆنەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی دووەم :**

پێناسەی ئەنجوومەن : ئەنجوومەن ئۆرگانێکی شێوە پەرلەمانی حزبیە , کاردەکات بۆ چاودێری وهەڵسوڕانی ئیش وکاری ئۆرگان و دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و دەرکردنی رێسای تایبەت بە رێکخستنی کاروبارەکانی حزب و پەیوەندی راستەوخۆی بەسکرتێری گشتییەوە هەیە.

**ماددەی سێهەم :**

بارەگای سەرەکی ئێستا لە سلێمانییەو بەپێی پێویست لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق ئۆفیس دەکاتەوە.

## پێکهاتەی ئە نجوومەن

**ماددەی چوارەم :**

یەکەم:ئەنجوومەن پێکدێ لە (101) ئەندام کە (81) ئەندامیان بە هەڵبژاردن دەبێت لەناو کۆنگرەو (20)ئەندامیان لەلایەن سکرتێری گشتییەوە دیاری دەکرێن.

دووەم:رێژەی ژنان لە ئەنجوومەن لە (20٪) کەمترنابێت.

سێهەم:ئەنجوومەنی ناوەندیی ئەم پێهاتانەی خوارەوەی دەبێت :

1ـ سکرتاریەتی ئەنجوومەن .

2ـ کۆمیسیۆنەکان.

## دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی پێنجەم:**

1ـ تەواوی ئەو بڕگانەی لە ماددەی (39) پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) دا هاتووە وەك :

أ‌- ئەرکی چاودێریکردنی هەڵسوڕاندنی ئیشوکاری ئۆرگانەکان ودەرکردنی ڕێسای تایبەت بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروبارەکانی لە ئەستۆدایە.

ب‌- پەیڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی دادەنێت.

ت‌- هیچ ئەندامێك بەبێ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ناوەندیی نابێت بە ئەندام مەکتەب .

پ‌- بەزۆرینەی دەنگی ڕەها دەتوانێت لەکاتی پێویستدا هەرئەندام مەکتەبێك هەڵپەسێرێت یان لەکار بخات.

ج‌- بۆی هەیە بە نووسراو داوای ڕوونکردنەوە لەسەر هەر مەسەلەیەك لەهەر ئۆرانێك بکات و هەروەها لە چوارچێوەی کۆمیسیۆنەکاندا بۆی هەیە نوێنەر بۆ هەر ئۆرگانێك دابنێت.

ح‌- لەسەر داوای (3/2) ئەندامانی ئەنجوومەن لێپرسراوی هەر ئۆرگانێك بۆ پرسیارلێکردن و لێپێچینەوە بانگهێشت دەکات .

خ‌- ئەو ڕێککەوتنە گرنگانەی پەیوەندییان بەمەسەلەی نەتەوەییەچارەنووسازەکان و بەرژەوەندی باڵای (ی.ن.ك) و هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنەوە هەیە, کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی سەرتایی ئیمزایان دەکات , پاش ڕەزامەندی (3/2) ی ئەنجوومەنی ناوەندیی کاریان پێ دەکرێت.

د‌- پەسەندکردنی لیستی پالێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکان و ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەوانی و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان.

ژ‌- پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی مەکتەب و دەزگاکان.

2ـ هەردەسەڵاتێکی دیکەش کەلەم پەیڕەوەیان پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) هاتبێت.

3ـ لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە یان سزادان یان کۆچی دوایی سکرتێری ئەنجوومەن وجێگرەکان وبریاردەر بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی نهێنیدا لە کۆبوونەوەی داهاتووی خۆیدا هەڵدەبژێنەوە.

4ـ لە کاتی پێشێلکردنی پەیرەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) و پەیڕەوی کاری ئەنجوومەن , لەلایەن سکرتێر وئەندامانی سکرتاریەت , بەزۆرینەی دەنگی (3/2)ی ئەندامانی ئەنجوومەن وبەپێی ڕێرەوی هەڵبژاردن , کەسانی جێگرەویان بۆ هەڵدەبژێردرێتەوە.

5ـ لەكاتی كۆچی دوای یان وازهێنان یاخود لە ئەندامێتی كەوتنی هەر ئەندامێكی ئەنجوومەن لە (81) ئەندامەی كە لەكۆنگرەدا هەڵبژێردراون بەپێی ریزبەندی هەڵبژاردنی كۆنگرەی (3) ئەندامێكی دیكە دەخرێتە شوێنییەوە,بەپێی ماددەی(41) لە برگەی (2) لە پەیرەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) .

**ماددەی شەشەم :**

سكرتاریەتی ئەنجوومەن پێكدێ لە سكرتێرێك , دوو جێگر , بریاردەرێك.

## پێکهاتە وئەرك و دەسەلاَتەكانی سكرتاریەت

**ماددەی حەوتەم :**

یەكەم : هەڵبژاردنی سكرتێر

ئەنجوومەنی ناوەندیی سكرتێرێك بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لە هەڵبژاردنێكی راستەخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێرێ كە تەمەنی لە (40) كەمتر نەبێت.

دووەم : ئەرك ودەسەلاَتەكانی سكرتێر :

1ـ سكرتێر بەرپرسە لە جێبەجێ كردنی سەرجەم بریارو راسپاردەكانی ئەنجوومەن و راگرتنی پابەندبوون بە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنەوە.

2ـ پەیوەندی ئۆرگانی راستەخۆی لەگەڵ سكرتێری گشتی دا دەبێت.

3ـ سكرتێر خۆی تەرخان دەكات (یتفرغ) بۆ كاری سكرتاریەت و نابێ لە هیچ ئۆرگان ودەزگایەكی دیكەدا كاری هەبێت .

4ـ سەرپەرشتی دانیشتنەكانی ئەنجوومەن دەكات .

5ـ سكرتێر بەهەماهەنگی لەگەڵ سكرتاریەت بەرپرسە لەهەڵسوراندنی كاروباری دارایی وكارگێری.

6ـ واژۆ لەسەر نووسراوەكانی ئەنجوومەن دەكات.

7ـ نوێنەرایەتی كردنی ئەنجوومەن لە بۆنەكاندا دەكاو دەتوانێ یەكێك لە جێگرەكانی یان هەرئەندامێكی تری ئەنجوومەن راسپێرێ بۆ ئەم مەبەستە.

8ـ سكرتێر لەكاتی پێویستدا هەندێ لە دەسەلاَتەكانی دادەبەزێنێ بۆ جێگرەكانی.

9ـ هەرسێ مانگ جارێك راپۆرتی گشتی ئامادە دەكات و لەكاتی دانیشتنی ئەنجوومەندا دەخوێندرێتەوە ودەدرێت بە سكرتێری گشتی.

10ـ سكرتێر بە راوێژ لەگەڵ وتەبێژێك لەئەندامانی ئەنجوومەن دیاری دەكات.

## جێگرانی سکرتێر

**ماددەی هەشتەم :**

یەکەم :ئەنجوومەنی ناوەندیی لە نێو خۆیدا دوو جێگری یەکەم و دووەم بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لە هەڵبژاردنێکی راستەوخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێرێ.

دووەم :ئەرك و دەسەڵاتەکانی جێگر:

1ـ هەردوو جێگری سکرتێر خۆیان تەرخان دەکەن (یتفرغون) بۆ کاری سکرتاریەت و نابێ لە هیچ ئۆرگان ودەزگایەکی دیکەدا کاریان هەبێت .

2ـ لەکاتی ئامادەنەبوون یاخود سەفەرکردنی سکرتێردا , جێگری یەکەم کارو ئەرکەکانی سکرتێر بەرێوەدەبات بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن سکرتێری ئەنجوومەنەوە بۆی دیاری دەکرێت .

3ـ بەرێوەبردنی ئەو ئەرك ودەسەڵاتانەی لەلایەن سکرتێرەوە بۆ هەردوو جێگر دیاری دەکرێت .

4.سەرپەرشتی ئەرك چالاکییەکانی کۆمیسیۆنەکان دەکەن.

## بڕیاردەر

**ماددەی نۆیەم :**

یەکەم :ئەنجوومەنی ناوەندیی لە نێوخۆیدا بریاردەرێك بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لە هەڵبژاردنێکی نهێنیدا هەڵدەبژێرێ.

دووەم :ئەرك و دەسەڵاتەکانی بریاردەر

1ـ ئامادەکردنی کۆنووسی دانیشتنەکانی ئەنجوومەن و خشتەی کاری دانیشتنی داهاتوو.

2ـ سەرپەرشتی دابەشکردنی چاپەمەنییەکانی ئەنجوومەن و ئامادە و دابەشکردنی خشتەو بەرنامەی کارەکان بەسەر ئەندامان.

3ـ رێکخەری پەیوەندییەکانی سکرتاریەتی ئەنجوومەنە لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندندا بە هەماهەنگی لەگەل کۆمیسیۆنی پەیوەندداره‌کان

4ـ تۆماری ناو بۆ گفتوگۆی ئەندامان لەکاتی دانیشتنەکاندا.

5ـ بریاردەر کاتی خۆی تەرخاندەکات (یتفرغ) بۆ کاری سکرتاریەت نابێ لەهیچ ئۆرگان ودەزگایەکی دیکەدا کاری هەبێت.

6ـ بەشداری لە کۆبوونەوە ئەرکەکانی سکرتاریەت.

7ـ سەرپەرشتیکردنی پێگەی ئەلەکترۆنی ئەنجوومەن بەراوێژ لەگەڵ سکرتاریەت .

8ـ هەرکارێکی تر کە سکرتاریەت پێی دەسپێری.

## کۆمیسیۆنەکان

**ماددەی دەیەم :**

ئەنجوومەنی ناوەندیی ئەم کۆمیسیۆنانەی خوارەوەی دەبێت :

1. کۆمیسیۆنەکانی مافی مرۆڤ , دەستپاکی , سکالاو لێکۆلینەوە, پەیرەوی ناوخۆ , کە لەماددەی (4)بەشی (3) برگەی (2) دا هاتوون.
2. کۆمیسیۆنی ناوچە دابڕێنراوەکان.
3. کۆمیسیۆنی کاروباری جەماوەرو کۆمەلایەتی.
4. کۆمیسیۆنی راگەیاندن وهۆشیاری و روناکبیری.
5. کۆمیسیۆنی چاودێری و پەیوەندییە نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان .
6. کۆمیسیۆنی کاروباری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران.
7. کۆمیسیۆنی کاروباری پێشمەرگەوتێکۆشەرە دێرین و کەمئەندامانی سەنگەرو زیندانیانی سیاسی .
8. کۆمیسیۆنی رێکخستن هەلبژاردن .
9. کۆمیسیۆنی دارایی و چاودێری .
10. کۆمیسیۆنی رێکخراوەدیموکراتییەکان.
11. کۆمیسۆنی بەدواداچوونی ئەدای ئەندامانی یەکێتیی لە حوکمەت وپەرلەماندا.
12. پێکهێنی هەر کۆمیسیۆنێك کە بەپێویست زانرا.

## پرنسیپە گشتییەکانی کاری کۆمیسیۆنەکان

**ماددەی یازدە:**

1. ئەو کۆمیسۆنانەی کە لە پەیرەوی ناخۆی ئەنجوومەن زیادکراون ژمارەی ئەندامانیان نابێت لە (5) ئەندام کەمتر بێت .
2. هەر کۆمیسیۆنێك جگە لە سکالا لە ناوخۆیدا لێپرسراو ,جێگر ,بریاردەرێك هەلدەبژێری .
3. رێژەی یاسایی کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنەکان بە ئامادەبوونی (50+1) دەبێت بریارەکانیش بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان پەسەند دەکرێن .

4. هەر كۆمیسیۆنە راپۆرتی مانگانەی خۆی دەدات بەسكرتێری ئەنجوومەن و كە پێویستەی واژۆی زۆرینەی ئەندامانی كۆمیسیۆنەكەی لەسەربێت .
5. ئەندامی ئەنجوومەن ناتوانێ لەیەك كۆمیسیۆن زیاتر ئەندام بێت .
6. لێپرسراوی هەر كۆمیسیۆنێك كاتەكانی خۆی بەتەواوی بۆ كاری كۆمیسیۆنەكە تەرخان دەكات.
7. ئاماژە بە ماددەی (39) برگەی (6) لە پەیرەوی ناوخۆی یەكێتیی :

أ- داواكردنی لێپرسراوی هەر ئۆرگانێكی بالآی یەكێتیی لەلایەن كۆمیسیۆنەكەوە بۆ پرسیارلێكردن و لیپێچینەوە,دەبێ لە رێگەی ئۆرگانە بالآكەی خۆیەوە بێت و رەزامەندی سكرتاریەت و (3/2)ی ئەنجوومەنەوە بێت.

ب- بانگكردنی هەر ئەندامێكی یەكێتیی لەلایەن هەر كۆمیسیۆنێكەوە ,دەبێ لە رێگەی ئۆرگانەكەی خۆی و بەرەزامەندی سكرتاریەت بێت .

**ماددەی دوازدە:** هەر كۆمیسیۆنێك كارنامەی خۆی دەبێت و پێشكەش بە سكرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەندیی دەكات بۆ پەسندكردنی , بەمەرجێك لێكدژ نەبێت بە پەیرەوی كاری كۆمیسیۆنێكی.

## ئەرك و دەسەلاتی كۆمیسیۆنەكان

**ماددەی سێزدە:**

**یەكەم :كۆمیسیۆنی ناوچە كوردستانییە دابڕێنیدراوەكان**

بەرپرسە لە چاودێری هەڵسوڕان و هەڵسەنگاندنی ئیش وكاری ئۆرگانەكانی یەكێتی و دەزگا ولیژنەكانی تایبەت بە ماددەی (140) ی دەستووری عێراقی و تەواوی كێشەو بوارەكانی تری گرێدراو بە ناوچەی كوردستانییە دابڕێندراوەكان

**دووەم :كۆمیسیۆنی كاروباری جەماوەر وكۆمەلآتی**

1. ئەركی گوێ گرتن لە هەڵوێست وبۆچوونی جەماوەر لەسەر ئەداوسیاسەتی یەكێتیی بە گشتی .
2. گەیاندنەوەی خواست و داواكاری جەماوەر بە یەكێتیی و لەو رێگەیەشەوە بە دەزگا پەیوەندداڕەكان و بەدوا داچوون و پێشنیازكردنی چارەسەری گونجاو.
3. چاودێری و هەڵسەنگاندنی كاروباری مەكتەبی كۆمەلایەتی.

**سێیەم : كۆمیسیۆنی راگەیاندن و هۆشیاری و رووناكبیری**

- چاودێریكردن و هەلسەنگاندنی سیاسەتی دامەزراوە ئیعلامی وهۆكارەكانی راگەیاندنی نووسراو, بینراو , بیستراوی یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان.
- چاودێریكردن وهەلسەنگاندنی ئۆرگانەكانی هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران.

**چوارەم :كۆمیسیۆنی چاودێری پەیوەندییە نیشتیمانیی ونێو نەتەوەییەكان.**

چاودێری و هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە كوردستانیی و عێراقی و نێو نەتەوەییەكانی (ی.ن.ك) و پێشكەشكردنی راسپاردەی گونجاو لەپێناو پێشخستنیان.

**پێنجەم :كۆمیسیۆنی كاروباری شەهیدان و ئەنفال و كیمیاباران**

1. چاودێری كردن وبەدواداچوونی كاری ئۆرگانەكانی (ی.ن.ك) تایبەت بەكاروباری كێشەی خێزان وكەس وكاری شەهیدو ئەنفال وكیمیاباران كراوەكان.
2. بەدواداچوون بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەكانی ئەنفال و كیمیاباران ودۆكیۆمێنتكردنی تاوانەكانی دژ بە گەلی كوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێو دەوڵەتی وهەوڵدان بۆ قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتووان.

**شەشەم : كۆمیسسنی كاروباری پێشمەرگەو تێكۆشەرە دێرین و كەئەندامانی سەنگەر وزیندانی سیاسی**

بەدواداچوون ولێپێچینەوەلەكێشە وكەم وكورییەكانی كاروباری ژیان ومافی پێشمەرگە وكەمئەندامانی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی و تێكۆشەرە دێرینەكان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو وقەرەبووكردنەوەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاو مەكتەبە پەیوەندارەكان و هەلسەنگاندنی كارەكانیان.

**حەوتەم :كۆمیسیۆنی رێكخستن وهەڵبژاردن**

بەدواداچوون و چاودێریكردن و هەڵسەنگاندنی رەوشی رێكخستن و هەڵبژاردنەكانی (ی.ن.ك) لە سنووری مەڵبەندەكانی رێكخستن لە ناوەوە و دەرەوەی وولآت دەكات ,بە هەماهەنگی لەگەڵ مەكتەبی رێكخستن و دەزگای هەڵبژاردن .

**هەشتەم : كۆمیسیۆنی دارایی و چاودێری**

چاودێری و هەڵسەنگاندنی كاروباری دارایی (ی.ن.ك)دەكا.

**نۆیەم :كۆمیسیۆنی رێكخراوە دیموكراتییەكان**

چاودێری هەڵسەنگاندنی رێكخراوە دیموكراتی و پیشەیی ومەدەنییەكانی (ی.ن.ك) لە پێناو گەشەپێدانیان

**دەیەم : كۆمیسیۆنی بەدواداچوونی ئەدای ئەندامانی یەكێتیی لە حكومەت و پەرلەماندا**

ئەركی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی (ی.ن.ك) لە دامودەزگاكانی حكومەت وپەرلەمانی عێراق و هەرێم .

**كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی ناوەندیی**

**ماددەی چواردە:**

1. دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ناوەندیی لەماوەی (15)رۆژدا سکرتێری گشتی بۆ بەستنی یەکەم کۆبوونەوە بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەندیی دەکات.
2. یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەشێوەیەکی کاتی و بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێت.
3. لە ماوەی (7) رۆژدا لەپاش یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ناوەندیی هەڵبژاردنی سکرتاریەت بە شێوازێکی راستەوخۆی نهێنی ئەنجام دەدەرێت .
4. ئەنجامدانی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ناوەندیی بە مارش و وەستانی دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەبێت.
5. لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ناوەندیی ، میوانداری خولی پێشووتری ئەنجوومەن دەکرێت بە سکرتاریەت و تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنەوە وەك رێزلێنانێك لە ئەرك و ماندبوونیان لە خولی پێشوودا.

**ماددەی پانزە:**

1. لەباری ئاساییدا هەموو مانگ جارێك ئەنجوومەن کۆدەبێتەوە.
2. کۆبوونەوەی نائاسایی دەبەسترێت :

أ- لەسەر داوای سکرتێری گشتی حزب .

ب- لەسەر داوای سکرتاریەتی ئەنجوومەن .

ت- لەسەر داوای (21) ئەندامی ئەنجوومەن وبە داواکراوێکی واژۆکراو.

پ- سکرتاریەت بەپێی پێویست شوێن و کاتی دانیشتنی نائاسایی ئەنجوومەن دیاری دەکات.

## میکانیزمی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان

**ماددەی شازدە :**

سەرجەم دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی ناوەندیی بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە دەچن

1. رێژەی یاسایی (النصاب القانونی) بۆ دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بریتیە لە ئامادەبوونی زیاتر لە نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن.
2. بریارەکان بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لە پاش تەواوبوونی رێژەی یاسایی لە ئەنجوومەندا پەسەند دەکرێن ، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کە لە پەیرەوی (ی.ن.ك) و پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەن شێوە رێژەی تایبەتی دەنگدانی بۆ دیاریکردوون.
3. لە کاتی وەکیەکی (یەکسانبوون) ی دەنگەکان ، بەڕێوەبەری دانیشتنەکە لەهەرلایەك بوو ئەو لایە سەرکەوتووە.

4. هیچ دانیشتنێك بێ خشتەی پێشوەخت ئەنجام نادرێت , جگە لەباری نائاساییدا نەبێت .
5. سکرتاریەت بەرپرسە لە ئامادەکردنی خشتەی دانیشتنەکان وئەندامانی لێ ئاگادار دەکاتەوەلەرێی بریاردەرەوە
6. جگە لە پێشهاتە پێویستەکان , هەربابەتێك لە دەرەوەی خشتەی کاری دانیشتنی ئەو رۆژە بێت باسی لێوە ناکرێت , هەربابەتێکیش پێویستی بە بەدواداچوون وگفتوگۆ هەبێت (11)ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندیی دەتوانن داوا بکەن کە بابەتەکە بخرێتە رێرەوی خشتەیکاری دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەن بەمەرجێك هەموویان واژۆیان لەسەر داواکاریەکە کردبێت و پێویستەئاراستەی سکرتاریەتی ئەنجوومەنی ناوەندیی بکەن .

## پەسەندکردنی لیستی پاڵێوراوانی کاندید بۆ هەڵبژاردنە گشتیی و ئە نجوومەنی پارێزگا وشارەوانی و ئە نجوومەنە خۆجێییەکان

**ماددەی حەڤدە:**

1. ناوی پاڵێوراوان بەپێی ئەم بنەمایانە پەسەند دەکرێن:

أ- پێویستەلیستی ناوی پاڵێوراوان بەر لە جێگیرکردنیان لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردنەکان لە ماوە پازدە رۆژ بگاتە ئەنجوومەن بۆ هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن.

ب- سکرتاریەت لەرێی بریاردەرەوە ناو و(C.V) "سی ڤی" پاڵێوراوان دەدات بە ئەندامانی ئەنجوومەن لەماوەی هەفتەیەك بۆ دیراسەو هەڵسەنگاندن.

ت- پەسەندکردنی ناوی پاڵێوراوان بەشێوەیەکی دەنگدانی نیهێنی وتاك دەبێت.

2. ئەنجوومەن میکانیزم شێوازی چۆنیەتی دیاریکردنی ناوی پالێوراوان دەستنیشان دەکات بەپێی ئەو بنەمایانەی کەلە برگەی (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

## پەسەندکردنی ناوی ئەندامانی مەکتەب

**ماددەی هەژدە:**

**یەکەم :**پەسەندکردنی پاڵێوراو بۆ ئەندامانی مەکتەب بەم رێوشوێنانەی خوارەوەدەبێت:

أ- پێویستە ناو و(C.V) پاڵێوراو بۆ ئەندامی مەکتەب لەلایەن مەکتەبی سیاسی بۆ ئەنجوومەنی ناوەندیی بنێردرێ

ب- بەگەیشتنی (C.V) لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەن , لەرێی بریاردەرەوە دەدرێتەئەندامانی ئەنجوومەن.

ت- پەسەندکردنی پاڵێوراو بۆ ئەندام مەکتەب بەشێوەی تاك و نهێنی دەبێت.

**دووەم:** ئەنجوومەن میکانیزم و شێوازی چۆنیەتی پەسەندکردنی ناوی پاڵێوراوان دەست نیشان دەکات.

## هەمواركردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئه نجوومەن

**ماددەی نۆزدە:**

بەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە پەیرەوی ناخۆی ئەنجوومەن هەموار دەکرێ:

1. پێشنیازی هەمواركردنی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بەداواکاریەکی واژوکراو دەبێت کەلە لایەن (3/2) ی ئەندامانی ئەنجوومەن پێشکەش بە سکرتاریەت دەکرێت.
2. بە دەنگی (3/2) ی ئەندامانی ئەنجوومەن پەیڕەو هەمواردەکرێ.
3. سکرتاریەت رۆژی ئەنجامدانی دانیشتنی ئەنجوومەن دیاری دەکات بۆ بڕیاردان لە هەمواركردنی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

## ئەرك ومافی ئەندامان

**ماددەی بیست :**

**یەكەم :ئەركەكانی ئەندام**

1. پێویستە لە یەکێك لە کۆمیسیۆنەکاندا کاربکات .
2. یەکێتیی ریزەکانی (ی.ن.ك) بپارێزێ دژی دەستەگەری بێت .
3. لەدانیشتنەکانی ئەنجوومەنی ناوەندیی بەشدار بێت و نابێ (3) دانیشتن لەسەریەك بێ هۆ ئامادە نەبێت جگە لە مۆڵەت و رەزامەندی سکرتاریەتی ئەنجوومەن.
4. پاپەندی ئامادەبوونی دانیشتنەکانی ئەنجوومەن و ئەوکۆمیسیۆنانەی کە تێیدا ئەندامە.

**دووەم :مافی ئەندام**

1. مافی دەنگدان وخۆپالأوتنی بۆ ئۆرگانەکانی ئەنجوومەن هەیە.
2. مافی هەیە لە رێی سکرتاریەتەوە داوا لە هەر کۆمیسیۆنێك بکات روونکردنەوەو زانیاری پێبدات لەهەر بابەتێکی پەیوەندداربەکاروباری ئەنجوومەنەوە.
3. مافی خانەنشینی هەیە.

**سێیەم : سزادان**

پاڵپشت بەو سزایانەی کە لە پەیرەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) دا هاتووە , سزاکان بەم شێوەی خوارەو دەبن :

1. بەپێی ڕادەی پێشێلکاری ئەندامی ئەنجوومەن بۆ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی ناوەندیی و ئەم سزایانە دەدرێت لەلایەن سکرتاریەت :

أ- ئاگادارکرنەوە .

ب- سەرنجڕاکێشان.

2. دەقی ماددەی (41) برگەی(1) لەپەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) "لە کاتی پێشلکردنی پەیڕەویناوخۆی (ی.ن.ک) و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی ناوەندی , لەلایەن سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت و هەرئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەندیی ,بەزۆرینەی دەنگی (3/2) ی ئەندامانی ئەنجوومەن ئەندامێتی لە ئەنجوومەندا هەڵدەپەسێردرێت".

—— کۆتایی ——